## حاجی بابە شێخ

نەبوونی ژیننامەی کەسایەتییەکانمان – چ سیاسی و چ هونەری و ئەدەبی ...، کەمایەسییەکی گەورە و گرانی کتێبخانەی کوردییە. ئێمە بۆ هیچکام لە ڕێبەرانی ڕێبازی کوردایەتی ژیننامەیەکمان نییە هەر ئەوەش دەبێتە هۆکار کە نەیاران خۆ بخزێننە ناو کارەکەوە و بۆ نموونە، ژیننامە بۆ ڕێزدار مام جەلال بنووسن یا بۆ پێشەوا قازی ،محەمەد و هەمووشی بە دڵخوازی خۆیان و ویستی داگیرکەرانی خاکەکەمان.

سەبارەت بە کەسایەتییەکی مەزنی گەلەکەمان وەک نەمر حاجی بابە شێخ – کە گەلێک زۆر و پێش دامەزرانی کۆماری کوردستانیش لە چالاکی سیاسی و ڕێبەرایەتیدا بووە و بۆ یەکەم مەجلیسی ئێران دوای ڕاپەڕینی مەشرووتە (1906) لە موکریانەوە کاندید کراوە، ئێمە لەڕاستیدا شتێکی ئەوتۆ نازانین. تەنانەت ڕوون نییە حاجی بابە شێخ سەرەک وەزیرانی کۆماری کوردستان بووە، یاخود سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی (پەرلەمان)؟ هەروەها هیچکاممان بە ڕوونی نازانیین بۆ چی حاجی بابە شێخ دوابەدوای هەرەسی کۆمار تەنیا چەند مانگێک لە زیندان ماوە لە کاتێکدا کەسانی ئەوتۆ لە لایەن ڕژیمی شاوە شەهید کران و لە دار دران، کە پلە و پایەیان لە کۆماری کوردستان گەلێک لەو نزمتر بوو.

وا ڕێزدار عومەری فارووقی کتێبێکی لەسەر ژیانی حاجی بابە شێخ نووسیوە و تێیدا بە یارمەتی چەندەها بەڵگەنامەی دەست کەوتوو- کە لە لایەن بنەماڵەی حاجی بابە شێخەوە پێی گەیشتوون، هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە و گەلێک پرسیاری دیکەی لەمەڕ ژیانی ئەو کەسایەتییە مەزنە، داوە. کتێبەکە بۆ ئەو هەموو ڕووداوانەی ژیانێکی 86 ساڵەی ناوبراو، بچووک و کەم لاپەڕەیە، بەڵام بەپێی ئاگاداری نووسەر، پێشتر واتە پێش چاپ، قەبارەیەکی گەورەتری هەبووە. هیوادارم کاک عومەر درێژە بە کارکردن لەسەر بابەتەکە بدات و لە پەیوەندی نەمر حاجی بابە شێخدا ڕووناکی بخاتە سەر ڕووداوە زۆر و زەوەندەکانی ناوچەکە شەڕی یەکەم ێ دووهەمی جیهانی، هاتنی سۆپای ڕووس و عوسمانی بۆ ناوچەکە، مەسەلەی چالاکییەکانی حزبی ئیتتیحاد و تەڕەقی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەیان بابەتی هاوچەشنی سەردەمی ژیانی ئەو نەمرە.

کتێبەکە سەرتاپا سەبارەت بە ناوچەی بۆکانە و هەر بۆیەش من دەست نیشانی لاپەڕەیەکی تایبەت ناکەم و سەرنجی خوێنەران بەرەو سەرجەمی کتێبەکە ڕادەکێشم.

عومەر فارووقی، *"حاجی بابەشێخ سەرۆک وەزیرانی حکوومەتی میللی کوردستان"*، بەڕێوەبەرییێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی، سلێمانی، 2008، 108 لاپەڕە، کوردی.